# دەرگای حەمامەکە

**كاميار ئەحمەدی**
**(سنە)**



چوار پلیکان تا دەرگاکە. ١، ٢، ٣، ٤.

دەرگاکە هێور هێور جیڕە دەکاو دەکرێتەوە. ڕێڕەوێک و هەیوانێکی مۆبلەکراو...

شۆڕەی ئاو لە حەمامەکەوە دێ.

ژووری نووستنەکە خەریکە خۆی بەرەو لای حەمامەکە ڕادەکێشێ و وردە وردە درێژ دەبێ.

دەرگای حەمامەکە دەرهات و چوو بۆ ژووری نووستنەکە. پەردە هەڵواسراوەکانی ژووری نووستنەکە لە پەنجەرەکە دابەزین و باوەشیان بەیەکا کردو خەریکی سەمای تانگۆن.

دەنگی کرانەوەی دەرگای ماڵەکە. پیاوێک هاتە ماڵەوە. شۆڕەی ئاو لە حەمامەکەوە دێ.

دەرگاکەی پێوەداو پێڵاوەکانی دەرهێنا.

دێ... دێ... دێ... چووە نێو ژووری نووستنەکە.

قاتەکەی دەرنەهێناو خۆی بە پشتا خستە سەر تەختی نووستنەکە.

دەرگای حەمامەکە لەسەر سەریەوە وەستاوەو سەیری دەکا.

شۆڕەی ئاو بەردەوام لە حەمامەکەوە دێ.

**٢٠٠٧/٥/٢٨: سنە**

**(..........)**

ژن دەستی کچەکەی لە دەستدایەو کچەکە دەستی ورچەکەی گرتووە.

ماشینەک لەبەر دەمیانەوە ڕای گرت. کچ سەیری دایکی کرد، دایکی ڕووی کرد بەو لاوە. ماشینەکە چوو.

ماشینەک سەد مەتر لەولاتر لە فەرعێکەوە هاتە سەر جادەکە. ماشێن هات و لەبەر دەمیانەوە ڕای گرت. ژن خێرا دەرگاکەی پێشەوەی کردەوە. ئەوەڵ ورچەکە سەرکەوت، دوایی کچەکەو دواتریش ژنەکە.

کچەکە کە ورچەکە لەسەر پێ چکۆلەکانییەوە بوو، سەری بەرز کردەوە شوفێرەکە ببینێ.

شۆفێرەکە گوتی: «چۆنی شیرین!؟». کچ زوو سەری داخست و توند بووکیلەکەی گرتە ئامێزەوە و زۆرتر خۆی بە ژنەکە نزیک کردەوە. دووبارە سەری بەرز کردەوە، سەیری ژنەی دەکرد.

دایکی ڕووی لە شوفێرەکە کردبوو، لێوەکانی پەمەیی بوون، بریقەیان دەدایەوەو زوو زوو خواروبانیان دەکرد. دووبارە سەری داخستەوە.

لەژێر چاوەوە سەیری شوفێرەکەی کردەوە. تەنیا گێرەکەو دوو قاچی ئەوی دەبینی. دەستێکی هات و گێرەکەی گۆڕی و چوو بۆ نێو هەردوو قاچەکە. کچ زوو چاوانی داخست.

بووکیلکەکە پشتی لە کچ بوو. ورچە دەلەرزی. ورچی هەڵگەڕاندەوە دەموچاوی ببینێ.

هەموو گیانی ورچ دەلەرزی. کچ توند لە باوەشی گرت و لووتی ماچ کرد.

کچ سەری بەرز کردەوە تا جارێکی تر لێوەکانی دایکی ببینێ کە پەمەیی بوون و بریقەیان دەدایەوە و زوو زوو خواروبانیان دەکرد.

مندالەکان وازیان لە یاری هێنا.

کچ هەر دوو دەستی ورچەکەی بە هەردوو دەست گرتبوو، لووتی ورچەکەی ماچ دەکردو گۆرانی بۆ گوت. دەرگای ئاپارتمانە شەش قاتییەکەی نەبەسترابوو. چووە نێو ئاپارتمانەکە. بانگی «ماسی خانم»ی دەکرد و لە پلیکانەکان سەردەکەوت.

پێنج قات سەرکەوت و نزیکی دەرگای ماڵەکەیان کەوتەوە. دەرگاکە نیوەکراوە بوو. دەستێکی ورچەکەی لەدەست بەردا تاکو بەو دەستەی دەرگاکە بکاتەوە.

ورچەکە ئەو دەستەی ڕاکێشا کە بەدەست کچەوە بوو خۆی ڕزگار کرد. کچ وازی لە دەرگا هێناو لای لە ورچەکە کردەوە. ورچ دوو سێ هەنگاو پشتاوپشت چوو لەسەر سیرامیکەکانی ڕاڕەوەکە دانیشت. کچ گەڕایەوە بۆ ورچەکە. کە هەنگاوێکی بۆ لای ورچەکە هەڵگرت، ورچ بۆڕاندی و بەدەنگی بەرز دەستی بەگریان کرد. کچ کە ئەمەی بینی وازی لە ورچ هێناو گەڕایەوە بۆ لای دەرگاکە. دەرگای کردەوە. هاوکات کە بەرەو هەیوانەکە ڕێی دەکرد، دووجار قاوی لە دایکی کرد. «دایە! دایە!»، کەسێ وەڵامی نەدایەوە. بە هەیوانەکە گەیشت، وەستاو دووبارە دایکی قاو کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. کەسی لە چێشتخانەکەی بەرانبەر هەیوانەکە نەبینی. دڵی پڕ بوو دەستی بەگریان کرد و دووبارە دایکی قاوکردەوە. هیچ وەڵامێک نەبوو. بەرەو ژووره تەنیاکە، ژووری خەوتنەکە چوو. بەدەستە چکۆلەکەی هێواش پاڵی بە دەرگاکەوە نا. دەرگا جیڕەیەکی کردو کرایەوە. فرمێسکەکانی هاتبوونە سەر گۆناکانی.

پیاوە ڕووتەکەی سەر تەختی نووستنەکە، لە تەختەکە دابەزی و هەستایە سەرپێ. ژنەکە کە لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو، سەری بەرز کردەوەو خێرا بەمەلافەکەی خۆی داپۆشی. هەردوو سەیری کچەکەیان دەکرد. کچ لە ناوەڕاستی دەرگاکەدا وەستا بوو سەیری ئەوانی دەکرد.

پیاوە ڕووتەکە بەرەو لای کچەکە هات، بەبەردەمیدا تێپەڕی و چوو بۆ چێشتخانەکەو لەتەنیا پەنجەرەکەیەوە خۆی خستە خوارەوە. کچەکە قیژاندی و دەنگی گریانی بەرز بووەوە.

لای کردەوە کە دایکی ببینێ، بەڵام کەس لەسەر تەختەکە نەبوو.

کچ بەڕاکردن و چاو بەگریان و دەم بەهاوار لە ماڵەکە هاتە دەر.

ژنەکە کە لەبەر دەرگا ورچەکەی بەدەستەوەبوو، کچەکەی گرتە باوەشەوە و وتی: «بۆ دەگری شیرینەکەم؟! ئەوە بۆ دووبارە بووکیلەکەت لە دەرەوە جێ هێشتووە؟!»

**۲۰۰۷/۷/۲۰: تاران**